حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

حكومة اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
مديرية الشؤون القانونية

ژمارە: ١٣٨٦٢
ڕێکەوت: ٦ / ٢ / ٢٧٢٢ی کوردی

العدد:
التاريخ: ٢٢ / ٨ / ٢٠٢٢

## ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٢٢)

## ڕێنمایی هەمواری دووەمی ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی باڵا/دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان

پاڵپشت بە کۆنووسی کۆبوونەوەی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی (ئەنجومەنی وەزارەت) کە لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٨/١٦) ئەنجامدرا، بڕیاردرا بە:-

- هەموارکردنەوەی (تەوەری چوارەم/خاڵی ٤ تایبەت بە بواری زانستە مرۆڤایەتیەکان) لە ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**ماددەی یەکەم:** قوتابیان/خوێندکارانی خوێندنی دکتۆرای بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان، مەرجە پێش تاوتوێکردنی تێزی دکتۆرا یەکێک لەم مەرجانەی خوارەوە دەستەبەر بکات:-

١. یەک توێژینەوە زانستی هەڵێنجراو لە تێزی دکتۆراکەی لە گۆڤارێکی زانستی کە لە لیستی (Clarivate Analytics) ئیندێکس کرابێت ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی هەبێت بە مەرجێک گۆڤارەکە لە وێبسایتی ڕیزبەندی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان (NUR) دانپێدانراو بێت.

٢. یان (٢) دوو توێژینەوە زانستی هەڵێنجراو لە تێزی دکتۆراکەی بە شێوەیەک کە (١) یەك توێژینەوەی زانستی کە لە لیستی (Scopus) ئیندێکیس کرابێت بە مەرجێک گۆڤارەکە لە وێبسایتی ڕیزبەندی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان (NUR) دانپێدانراو بێت + (١) یەك توێژینەوەی زانستی لە گۆڤاری زانستی ناوخۆیی باوەڕپێکراو لە لایەن وەزارەتەوە ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی هەبێت.

٣. یاخود (٢) دوو توێژینەوە زانستی هەڵێنجراو لە تێزی دکتۆراکەی لە گۆڤارێکی زانستی ناوخۆیی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی هەبێت، و مەرجە گۆڤارە زانستیەکانی هەرێمی کوردستان لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی فەرمی پێدرا بێت و هەروەها مەرجە گۆڤارە زانستیەکانی عێراق لە لایەن زانکۆ حکومییەکانی عێراقی فیدراڵ دەربچێت.

**ماددەی دووەم:** کار بە هیچ ڕێنمایی یان بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ ناوەڕۆکی دەقەکانی ئەم ڕێنماییە ناکۆک و پێچەوانە بێت.

**ماددەی سێیەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە (ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان)ەوە جێبەجێ دەکرێت.

## هۆیەکانی دەرچوونی ئەم ڕێنماییە

لە پێناو چەسپاندنی دادپەروەری سەبارەت بە قوتابیان/خوێندکارانی خوێندنی باڵا/دکتۆرا لە بواری زانستە مرۆڤایەتیەکان کە بە ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) وەرگیراون و لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) دەستیان بە خوێندنی ئەکادیمی کردووە، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ئەم ڕێنماییەی دەرچواند.

د. ئارام محمد قادر
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

حكومة اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
مديرية الشؤون القانونية

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

ژمارە: ١٣٨٦٢
ڕێکەوت: ٢ / ٦ / ٢٧٢٢ی کوردی

العدد:
التاريخ: ٢٤ / ٨ / ٢٠٢٢

**وێنەیەک بۆ:-**

- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەل ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت/ بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی داد / ڕۆژنامەی وە قایعی کوردستان/ تکایە بۆ بڵاوکردنەوەی / لەگەڵ ریزدا.
- نووسینگەی بەڕێز ڕاوێژکاران/ بۆ زانین / لەگەڵ ریزدا.
- سەرۆکایەتی گشت زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان/ نووسیگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ / بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆرییە پزیشکییەکان/ نووسیگەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن / بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی/ نووسیگەی بەڕێز سەرۆکی دەستە/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوبەرایەتی کاروباری یاسایی/ لەگەڵ بەراییەکان .
- دەرکردە خولاو .